کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:48 8-2-2007

# لە خەوما بەرپرسێکی گەندەڵ دادگایی کرا!!! ... دیـــار چەرمەگـــا



زۆر بەلامەوە سەیر بوو کە کارەبامان هەبوو بە دیار تەلەفزیۆنەوە دانیشتبووم سەیری بەرنامەیەکم دەکرد تایبەت بوو بە دادگایی کردنی بەرپسێکی گەندەڵ.

بێژەرەکە باسی لەوە دەکرد کە ئەم بەرپرسە راپێچی دادگا کراوە بە تۆمەتی ئەوەی کە لە (پڕێك بووە بە کوڕێك) واتە بە ڕێگەی نایاسایی سەروەت و سامانێکی زۆری پێکەوە ناوە،خاوەنی چەندین مۆنیکاو ئەڤەلۆن و پرادۆیە،چەند باڵەخانەیەکی گەورەی هەیە کە جامانە بەسەر ناتوانی سەیری نهۆمی کۆتایی بکات چونکە جامانەکەی دەکەوێتە خوارەوە،زیاتر لە جارێك زەوی ڕوکنی وەرگرتوە جگە لەمەش هەموو ئەندامانی ماڵەوەی لەهەرە شوێنە باشەکانی ئەم شارە زەویان پێبەخشراوە،لە کاتێکدا خەڵکی بۆ نیو کاتژمێر کارەبا دەچن بەحەوادا ئەم بەرپرسە کارەبای فوول و مۆلیدەی بە چرکە لێ جیانەبۆتەوە،دوو کچ و کوڕێکی بە قودرەتی قادر لە کۆلێژەکانی مافی ئێواران و ئەندازیاری و پزیشکی کرد بە قوتابی،خزم کەسەکانی لە چوار دەوری خۆی دامەزراندوە بە بێئەوی ڕەچاوی بڕوانامەو توانستی کەسێتیان بکات،خاوەنی چەندین کۆمپانیای بازرگانیە کە چڵکاو خۆرەکان بۆی بەڕێوە دەبەن،جگە لەو دۆلارە چاو سەوزانەی کە بۆ بانکەکانی ئەوروپای ڕەوانە کردووە،ئەمەو چەندین بەڵگەی تر کە لە دادگاییەکەدا دەخرێتە ڕوو ... ... وادیاربوو پێشکەشکاری بەرنامەکە میوانداری پارێزەرێکی بێلایەنی کردبوو ... .. لێی پرسی:

*ئەم دادگایی کردنە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

-ڕوداوێکی مێژوویە کە یاسا سەورەر بێت و جیاوازی نەکات لە نێوان گەورە و بچوکی ئەم وڵاتە،ئەمڕۆ بۆ خەڵکی ئاشکرا دەبێت کی تاوانبارە و کی دڵسۆزو خەمخۆری وڵاتە،بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئایا ئەمە یەکەم بەرپرس دەبێت کە دادگایی بکرێت؟؟؟؟

*بەڕێزان ئێستاش دەچینە ناو هۆڵی دادگا بۆ بینینی ڕوداوەکان ... هەر بێژەرەکە قسەی تەواو کرد ... ... .. کارەبامان کوژایەوە ... منیش لەخەوەکەم هەستام،ماتەمێکی زۆر دایگرتم زۆر بەلامەوە ناخۆش بوو کە نەمتوانی لە خەویشدا دادگایی کردنی بەرپسێکی گەندەڵ ببینم و بزانم چۆن و بە چ ڕێگەیەك ئەم هەموو سەروەت و سامانەی پێکەوەناوە و ژیانی چەند نەوەیەکی داوی خۆی مسۆگەر کردوە؟لەلایەکی تریشەوە خەمی گەورەترم ئەوەبوو کە لە خەویشدا فریا نەکەوتم سوود لە کارەبا وەربگرم هەر زوو دەستیان نا بە دووگمەی ئۆفداو کارەبایان کوژاندەوە.

diyar1979@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.